www.kurdistannet.org
25-5-2003 21:44

# دوارۆژ بۆ كاك "وەهاب هەولێری" یە !!

**فریاد هیرانی**
friadhirani@yahoo.com

لەپاش راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە شاری (هەولێر) و لە لایەن كاك (عبدالوهاب هەولێر) ی حزبێك دامەزرا بەناوی (**حزبی كرێكاری تەڵەبەی دبلۆماسی كورد**) ئەم حزبە سكرتێرو مەكتەبی سیاسیو سەركردایەتیو ئەندامو جەماوەرەكەشی، هەر كاك وەهاب هەولێری خۆی بوو! خۆی بە تەنیا ئوتوموبیلێكی بەڕازیلی مۆدێل (١٩٧٩) ی پێبوو لەگەڵ كلاشینكۆفێكو پەمپێكی بۆیاخكردن، لەهەر شوێنێك دەوەستا لە ئوتوموبیلەكەی دادەبەزیو لەسەر دیوارەكان دەینووسی:- (**بژی حزبی كرێكاری تەڵەبەی دبلۆماسی كورد**) زۆربەی تاقو دیوارەكانی بازاڕو كۆڵانەكانی شاری هەولێر ئێستاش دروشمەكانی حزبەكەی كاكە وەهابی پێوەیە بە تایبەتیش (**گەڕەكی تەیراوە**)، سەردەمێك كووشینەكانی پشتەوەی بەڕازیلیەكەی دەرهێنابوو، دەچووە سەربازگەی هەولێر ئوتوموبیلەكەی پڕدەكرد لە بلۆكو دەیهێنایەوە ناوشار، بلۆكەكانی دەفرۆشتو پەمپی بۆیاخی پێدەكڕی، ئیتر بەم پەمپە هەموو ئیشو كارە حزبیو سیاسیەكانی خۆی پێ جێبەجێ دەكرد! بەڕاستی حزبایەتیەكی پاكو بێگەردی دەكرد، نە لەسەر حیسابی خەڵكو داهاتی كوردستان حزبایەتی دەكرد، نە كوڕی خەڵكیشی بە كوشت دەدا !! بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆی بلۆكی دەكێشاو بە پارەی بلۆكەكانیش حزبایەتیو سیاسەتی دەكرد!.

لەم دواییەداو پاش روخانی رژێمی دیكتاتۆری بەغداو هاتنی سوپای ئەمەریكاو هاوپەیمانان بۆ كوردستانو عیراق، كاك (**وەهاب**) یش لەژێر رۆشنایی گۆڕانكاریەكانی جیهان بە گشتیو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتیو. ئەو گۆڕانە ریشەییەی كە بەسەر كوردستانو عیراقدا هاتووە، ئەویش ناوەڕۆكو ناوی حزبەكەی خۆی گۆڕیوە بۆ ئەوەی لە پێشكەوتنو گۆڕنكاریە خێراییەكانی جیهان بەجێ نەمێنێ، ناوی حزبەكەی كردۆتە (**حزبی كومپیوتەری كۆڵنەدەری كوردستان**) كاك وەهاب دەزانێ ئیتر كوردستانی عیراق سیستەمێكی ئەمەریكیو رۆژئاوایی تیایدا بۆتە ئەمری واقیع، سیاسەتمەداریش هەڵبەتە دەبــێ مامەڵە لەگەڵ واقیع بكا !. . ئەو دەزانێ ئەمەریكاو رۆژئاوا داهێنەری كومپیوتەرو عەقڵی كومپیوتەرین، بۆیە لكاندنی وشەی كومپیوتەر بەناوی حزبەكەیەوە هەنگاوێكی چۆنایەتی گرنگە بۆ ئەوەی خۆی دەگەڵ ئەمەریكا بگونجێنێ ! ئەمەیە سیاسەتو ستراتیژی نوێی كاك وەهاب و (**حزبی كرێكاری تەڵەبەی دبلوماسی كورد**) كە ئێستا بۆتە (**حزبی كومپیوتەری كۆڵنەدەری كوردستان**) **و** ئێستا هەموو دیواری بازاڕو كۆڵانەكانی شاری هەولێر بە دروشمە نوێیەكانی حزبی ناوبراو رازاوەتەوە !.

كاك وەهاب بەم شێوەیە خۆی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی نوێ دەگونجێنێ، هەردوو حزبی سەرەكی كوردستانیش هەر لە سەرەتای داڕوخانی رژێمی سەدام تا ئەم دواییەش هەر خەریكی كۆكردنەوەی دەبابەو راجیمە روسیەكانی سەدام حسێن بوون ! هەرچی كۆنە دەبابەو تۆپو كۆنە هاوەن هەیە لە (**موسڵ**) ەوە بۆ (**مەسیفو سەری رەش**) و.... لە (**كەركوكو بەعقوبەو خانەقینیش**) ەوە بۆ (**قەلا چوالان**) !! ئێستا خەڵك دەپرســێ باشە سەدام نەما، سوپای ئەمەریكاش لە هەموو بستێكدا هەیە، واتا هیچ دەولـەتێك ناتوانێ پەلاماری كوردستانو عیراق بدا، كە بۆتە كوردستانو عیراقی ئەمەریكا، باشە ئەی ئەم هەموو كۆنە دەبابەو تۆپو راجیمانەیان بۆچیە ؟! (**بە زەمانی من نەبێ**) بەڵام خەڵكی سەرجادە دەڵێن ئەم چەكانەیان بۆ یەكتریە !!!! (**یاخوا وانەبێ**) بەهەرحاڵ ئەمە موشكیلەی خۆیانە كە ئەم چەكانە چی لێدەكەن. . ئەوەی لێرەدا مەبەستە بیلێین ئەوەیە : كاك وەهاب دەزانــێ ئەمەریكا كەیفو زەوقی بە كومپیوتەر دێ، جگە لە خۆیشی رقی لەو لایەنە دەبێتەوە كە چەك هەڵبگرێ لە سەرتاسەری عیراق، بە شێوازێكی رەسمیش سوپای عیراق هەڵوەشێنرایەوە، كەواتە چەكەكانی ئەم سوپایەش دەبێ لەناو بچن، بەم پێوەرەش بێ دوارۆژ هەر بۆ بەرێز كاك وەهاب هەولێریە كە سەرۆكو سكرتێرو قائیدی بەررو بەحری (**حزبی كومپیوتەری كۆڵنەدەری كوردستان**) !!!!!!

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.



www.kurdistannet.org